Postbus 75562
1070 AN Amsterdam

Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95

Telefax: 020 – 6935915

# یانەی كوردی لە هۆڵەندە "میدیـــــــــا"

Koerdische Vereniging in Nederland
"Midia"

## بانگەوازیك بۆ پزیشكە كوردەكانی دانیشتوانی هۆڵەندە

رۆژ: 2004/11/09

ژمارە:64-09112004.KVN. SA

برایانی بەڕێز و خۆشەویست،

پاش سڵاو و ڕێز ...

بەناوی ئەندامان و لیژنەی سەرپەرشتی یانەی كوردی لە هۆڵەندە"میدیـــا"وە، بە پێویستی دەزانین بۆ بەسەركردنەوەی، ئەو كۆمەڵە دكتۆر و پزیشكە كوردە خزمەتگوزارەی، لە هۆڵەندە جێگەی خۆیان كردۆتەوە و توانیویانە خۆیان و گەلەكەشیان بناسێنن و هەمیشە بە دەنگ جالیەی كوردیەوە هاتوون لەم غەریبیيە. تا ئێستا چەندین كۆڕ و كۆبونەوەی زانیاری بەخشینیان بۆ خەڵكانی خۆیان لە ڕێگەی "میدیـا"وە شوێنانی ترەوە پێشكەش كردووە.

ئێمەش وەك یانەی كوردی"میدیـــا" لە لای خۆمانەوە بە پێویستی دەزانین، ئێوارە دانیشتنێكی قەشەنگ و ڕازاوە و بە سوودیان بۆ ڕێك بخەین، تا لە نزیكەوە قسەوباس و پلان و نەخشەی ئایندەی خۆیان بۆ یەكتر باس بكەن و تواناكانیان یەكانگیر بكەن بۆ خزمەتی زیاتری كۆمەڵگای كورد لە دەرەوە و ناوەوەی وولات. بۆیە بە شانازی و خۆشحاڵیيەوە بانگێشتنیان دەكەین بۆ ئەم دانیشتنە لە هۆڵی یانەی كوردی"میدیـــا" لە ئەمستردام.

تكایە ئەو بەڕێزەی دەیەوێ بەشداری بكات تا ڕێكەوتی 2004/11/25 با بەهۆی ئەم ژمارە تەلەفۆنانەوە پەیوەندی بە یانەی"میدیـا"وە بكات.

020-6935915 یان مۆبایلی 06-47988634 ڕۆژانە لە كاتژمێر 10,00 تاكو 15,00

یا بە هۆی ئەم ئیمێڵ ئەدرێسەوە: kvnmidia@maktoob.com

لیژنەی سەرپەرشتی

یانەی كوردی"میدیـــا" لە هۆڵەندە